# ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی

# ڕاگەیێنراوێکی کورت

١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٥

ئیندێکس: MDE 14/1812/2015




*بەشێک لە قوربانیانی قەڵاچۆی بەروانە* *© Amnesty International*

*ڕیزی یەکەم لە چەپەوە: عەبدوڵلا عیدان حەمەدی عەواد ١٩ ساڵان، عەلی ئیبراهیم سەلیم ٢٩، عەلی خەمماس عابید ١٩، داود سەعد داود سولەیمان ٢٤، حاریس ئیبراهیم حەمەدە ٣٥، حەسەن سەلمان عەبباس ٣٨، حسەین کەریم حسەین ٢٥، ئیسماعیل سەلمان عەبباس٢٨؛ ڕیزی دوهەم لە چەپەوە: جەمیل حەمەدی عابید ٦٣، کەیلان سەلمان عەبباس ٢٩، محەممەد تەحسین مەحموود ٢٩، مازن مەجید حەمەدە ٣٣، محەممەد ئەحسان محەممەد خدر ٢٧، محەممەد عەبباس هیلال ٣٨، محەممەد سەلمان عەبباس ٢٤، موبارەک سەلمان عەبباس ٢٦؛ ڕیزی سێهەم لە چەپەوە: موقداد سەلامە خەنجەر ٣٧، عومەر خەمماس عابید ١٧، ڕاعید سولەیمان محەممەد سەلیم ٢٩، سەلاح کامیل ئیسماعیل ٢٢، شەهاب ئەحمەد موبارەک ٢٦، و شوعەیب عەبدولقادر محەممەد مستەفا ٣٣ ساڵان.*

## عێراق: قەڵاچۆی بەروانە - لێکۆڵینەوەی ناتەواو، بنەماڵەکان چاوەڕوانی دادپەروەرین

دوا نیوەڕۆی ٢٦ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥ میلیشیای شیعە و هێزەکانی ئاسایش کە حکوومەتیش پشتیوانیانە، لای کەم ٥٦ کەس - و وا بڕوایە زیاتر لە ٧٠ - موسوڵمانی سوننەیان لە بەروانە، گوندێکی ڕۆژئاوای موقدادییە لە پارێزگای دیالە، کوشت.[1] پەنجا وچوارشایەد – خزم و دراوسێی ٤٠ لە

[1]. زوربەی سەرچاوەکان ژمارەی ئەو کەسانەی وا لە بەروانە کووژران، بە ٧٠-٧٥ دادەنێن. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی بەڵگەی ٤٠ کەیسی تۆمار کردووە، زوربەیان لە بنەماڵەکانی سەر بە هۆزی جبوورین وا لە گوندێکی نزیک ئەوێ دەژیان بەڵام خۆیان لە بەروانە شاردبووەوە، هەروەها زانیاریمان سەبارەت بە ١٦ کەسی دیکە لە قوربانیان گردوکۆ کردووە و

قوربانییەکان – بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییان ڕاگەیاند کە ئەندامانی میلیشیای 'سوات' (هێزی تایبەتی چەک و تاکتیک، هێزێکی پێشڕەو) و هێزی دیکەی حکوومی چوونەتە بەروانە و داوایان لە پیاوان کردووە لە ماڵ بێنە دەرەوە بۆ ئەوەی سەیری هەویەکانیان بکەن.[2] دوای ئەوەی هەویەکان سەیر کران، بە پیاوەکانیان گوت بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و هەندێک لە هێزەکان بەروانەیان چۆڵ کرد، بەڵام ١٥ خولەکێک دواتر ئەندامانی میلیشیا و هێزەکان ماڵ بە ماڵ گەڕان، بە پیاوەکانیان گوت هەویەکانیان بهێنن، ئینجا بردیاننە دەرەوە بۆ شوێنی جیاجیای ناو گوندەکە. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە خەڵکی گوندەکە گوێیان لە تەقەی تفەنگ و هاوار بوو و دوای ئەوەی تاوانکارە کان ڕۆیشتن، خەڵکەکە لە حەوش و حەسار، مەزرا و هەندێک شوێنی دیکەی دەوروبەری گوند، تەرمی خۆشەویستانی خۆیان دۆزییەوە کە بە گوللە کووژرابوون، زوربەیان کەلەپچە کرابوون و چاوی هەندێکیشیان بەسترابوو. نادیە جبووری (ناوی خۆی نییە)[3] کە پێنج کەس لە خزمانی لەو کۆمەڵکوژییەدا لەناو چوون و دوانیان مێرد و کوڕەکەین، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

*"تەرم لەهەموولایەک کەوتبوو. دەیان و دەیان تەرم. هەندێکیان لە لای زبڵدان، ئەوانی دیکە لە مەزرا. من ناتوانم ئەو دیمەنانە لە بیر بکەم، سەری تەقاو، لەشی شێواو، و حەوزی خوێن. منداڵانیش چاویان پێیکەوت. قیژە و هاوارەکان هێشتا لەناو سەرمدان. لە خەیاڵیشدا نەدەگونجا."*

بە گوێرەی قسەی شایەدەکان، تاوانکارە کان نە ماڵان گەڕان و نە پرسیاریان لە بنەماڵەکان کرد، ئەوەندەش کە بینرابێت پرسیاریان لە قوربانییەکانیش نەکرد، لەبەر ئەوەی هەر دەست بەجێ کوشتیانن. هەندێک لە قوربانییان، سەرەڕای ئەوەی گوللەیان پێوەنرابوو، برینی قووڵیش بە لەشیانەوە بوو و یەکیان چەند پەنجەی بڕابوو. زوربەی قوربانییەکان لە تەمەنی نێوان ٢٠ و ٤٠ دا بوون، بەڵام هەندێکیان منداڵ بوون، تەمەن ١٦ تا ١٧ ساڵ و هەندێکیشیان لە شەست ساڵاندا بوون.

بنەماڵەی قوربانییەکان گوتیان پۆلیسی مقدادییە ڕۆژی دوایی زوربەی تەرمەکانی بردە مردووخانەی مقدادییە کە گوندێکی نزیک بە شوێنەکەیە و تا کۆتایی مانگی شوباتی خایاند تا ئەوان بتوانن وەریانبگرنەوە و بیاننێژن؛ هەروەها گوتیان تەنیا ژنان چوون تەرمەکان بهێننەوە لەبەر ئەوەی پیاوانی بەجێماو لە ڕووداوەکە ترسی ئەوەیان هەبوو ئەوانیش بکرێنە ئامانج.[4]

پێنج لە قوربانییەکان دانیشتووی بەروانە بوون بەڵام ئەوانیتریان دانیشتووی دۆڵی سنسیلی نزیک ئەوێ بوون کە دوای ئەوەی گوندەکەی خۆیان کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئەو گرووپە چەکدارانەی وا خۆیان بە دەوڵەتی ئیسلامی ناو دەبەن،[5] لە نێوان مانگی حوزەیران و ئەیلوولی ٢٠١٤ لەوێ هەڵاتبوون و چووبوونە بەروانە و تووشی پێکدادانی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و هێزەکانی حکوومەت و میلیشیا

---

لیستەیەک لە ناوی ١٥ پیاوی دیکەش پێگەیشتوون کە دەگوترێت ئەوانیش لەو قەڵاچۆیەدا کووژرابێتن، بەڵام نەمانتوانیوە پشتڕاستی بکەینەوە.

[2]. کەس وکاری قوربانییان و شایەدانی دیکە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییان گوت بە گشتی تەنیا ئەندامانی میلیشیایان بینیوە، بە سرکەیی و قۆڵبەندی سەوز یان سەوز وسووروە، هەروەها هێزی 'سوات' ی حکوومیش. هەندێکیشیان گوتیان ئەندامانی پۆلیسی مقدادییە و سوپاشیان لە ناویاندا ناسیوەتەوە. بە گوێرەی قسەی شایەدەکان ئەوانەی وا پێش کۆمەڵکوژییەکە پیاوەکانیان لە ماڵ هێنایە دەرەوە بەگشتی ئەندامانی میلیشیا و 'سوات' بوون.

[3]. بە هۆی ترسی خەڵکەکە لە ئاسایشی خۆیانەوە، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ناوی هەموو شایەدەکان و ئەو قوربانییانەی گۆڕیوە کە ئەوان لە ئیفادەکانیاندا ئاماژەیان پێکردوون بۆ ئەوەی ناسنامەیان بپارێزریت. لیستەیەک کە ناوی ڕاستەقینەی قوربانییەکانی تێدایە لە کۆتایی ئەم تەقریرەدا دەکەوێتە بەرچاو.

[4]. کەس و کاری قوربانییەکان لای کەم تەرمی ١٧ قوربانییان هەمان ڕۆژ لە بەروانە ئەسپاردەی خاک کرد و تەرمەکانیتر ڕۆژی دوایی لە لایەن پۆلیسی مقدادییەوە برانە مردووخانەی مقدادییە.

[5]. هەروەها بە ناوی گشتی تری داعش (دەوڵەتی ئیسلامیی عیراق و شام) ەوە دەناسرێن.

هاتبوون.[6]

وا بڕوایە کوشتنەکان لە تۆڵەی ئەندامانی میلیشیای شیعە و هێزەکانی حکوومەتدا بوو بێت کە دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژانی پێشتردا کوشتبوونی. بە ماوەیەکی کەم پێش و دوای قەڵاچۆکە، وتەبێژانی سوپا و میلیشیا بە میدیاکانیان ڕاگەیاند کە پێکدادان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەی مقدادییە بۆتە هۆی کووژرانی ٥٨ تا ٧٠ پیاو لە ئەندامانی ئەوان – نزیکەی هەمان ژمارەی ئەو کەسانەی وا لە بەروانە کووژرابوون.[7]

یەک لەو هێزانەی وا لە ناوچەکەدا ڕێبەرایەتی شەڕ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بەدەستەوەیە، میلیشیای 'بەدر'ە، کە یەکێکە لە میلیشیا هەرە بەهێزەکانی شیعەی عێراق عێراق. ڕۆژی ٢٩ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ هادی ئەلعامری، فەرماندەی تیپی بەدر، ڤیدیۆیەکی بۆ دانیشتووان بڵاوکردەوە و تیایدا گوتی:

*"ڕۆژی دادوەری بەم زووانەیە [...] ئێمە ئاگاداری هەموو بنەماڵەکانی ناوچەی مقدادییە دەکەینەوە کە لە ناوچەکە بڕۆن. ئێمە هێرش دەکەینە سەر شوێنەکە تا ئەو دەمەی هیچی لێ نەمێنێتەوە. ئایا پەیامەکەی من ڕوونە؟"* [8]

لە ڕۆژی ڕوداوی قەڵاچۆی بەروانەدا، ناوبراو لە ڕێگەی تەلەفیزیۆنی حکوومەتییەوە ڕایگەیاند: "ئێمە توانیمان لە ٢٥ ی کانوونی یەکەم و دوای سێ ڕۆژ لە شەڕی قورس، تیرۆریستەکان لە باکووری مقدادییە تێک بشکێنین و هەموو گوندەکانی داعش پاک بکەینەوە [داعش کورتەی ناوی دەوڵەتی ئیسلامییە]".[9]

دوای کوشتارەکە، وتەبێژی گرووپی ناوبراو بۆ ئەوەی بیانوو بۆ کوشتنەکان بهێنێتەوە، قوربانییەکانی بەروانەی بەوە تۆمەتبار کرد کە سەر بە دەوڵەتی ئیسلامین:

*"ئەو خەڵکانەی وا لە بەروانە نیشتەجێ بوون سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی بوون ... دەبوایە چیمان بکردایە؟ گوڵەباخیان بۆ بخەین یان بیانکووژین؟"* [10]

---

[6]. تاقە یەک کەسیان خەڵکی ناوچەکە نەبوو ئەویش پیاوێکی میسری بوو کە ماوەی ٣٠ ساڵ بوو لەو ناوچەیە دەژیا و وەک کرێکار بۆ جووتێرانی خۆجێ یی ئیشی دەکرد. ژمارەی دانیشتووانی بەروانە کەمتر لە ٢٠٠٠ کەس بوو، دەوروبەری دوو بەش لە سێ بەشی خەڵکەکە موسوڵمانی سوننە بوون.کاتێ کە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە نێوان مانگی حوزەیران و ئەیلوولی ٢٠١٤ دا دەسەڵاتیان بەسەر زوربەی ناوچەی سنسیلدا گرت، هەموو دانیشتووانی شیعی و زوربەی دانیشتووانی سوننی بەروانەیان بەجێ هێشت. دانیشتووانی زۆرێک لە گوندەکانی سنسیل هەڵاتن بۆ بەروانە لەبەر ئەوەی، بەگوێرەی قسەی دانیشتووان، دەوڵەتی ئیسلامی لەوێدا هەرگیز بنکەی نەنابووەوە، گەرچی زۆرجارانیش هێرشیان کردبووە سەری.

[7]. الاخبار، *"هێزە عیراقییەکان گوندەکان دەگرنەوە و داعش لە سووریا خاکی زیاتر لە دەست دەدات"* ، ٢٧ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥، http://english.al-akhbar.com/node/23412 (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)؛ هەروەها ئای بی تایمز، *"عیراق: میلیشیای شیعە لە ماوەی هێرشی دیالەیان دژ بە داعش. '٧٧ گوندنشینی سوننە قەڵاچۆ دەکەن' "* ، ٣٠ کانوونی دووهەمی ٢٠١٥، http://www.ibtimes.co.uk/ میلیشیای شیعەی عیراقی لە ماوەی هێرشی دیالەیان بۆ سەر داعش ٧٧ گوندیی سوننە قەڵاچۆ دەکەن – ١٤٨٥٨٥٩ (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)

[8]. یوتیووب، وتەکانی هادی ئەلعامری سەبارەت بە ناوچەی مقدادییە، ٢٩ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، https://www.youtube.com/watch?v=Y-osr7sXgUk (بە عەرەبی، لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بینراوە).

[9]. الاخبار، *"هێزە عیراقییەکان گوندەکان دەگرنەوە و داعش لە سووریا خاکی زیاتر لە دەست دەدات"* ، ٢٧ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥، http://english.al-akhbar.com/node/23412 (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)

[10]. واشەنتون پۆست، *"سەرکەوتنی میلیشیای سەر بە ئێران لە عیراق دەتوانێت ئەمریکا بنکەن بکات"* ، ١٥ ی شوباتی ٢٠١٥،

هەر ئەوەندەی هەواڵی ڕووداوی قەڵاچۆکە گەیشتە میدیاکان، بەرپرسانی حکوومەتی عێراق عێراقبەربوونە وەڵامدانەوەی دژ بە یەک. جێگری جەنەڕاڵ عەبدولئەمیر ئەلزەیدی، فەرماندەی عەمەلیاتی دیجلە کە ڕێبەرایەتی عەمەلیاتی سوپای لە ناوچەی مقدادییە دەکرد، ئەو چاووڕاوانەی بەدرۆ خستەوە. ناوبراو بە دەزگای هەواڵنێریی فڕانس پرێس (ئەی ئێف پی) گوت: *"تاقە گوللەیەکیش لە بەروانە نەتەقێنرا"* و ئەوەشی لێ زیاد کرد کە لە هێزی دیجلەدا ٧٠ کەس لە هێزی عێراقعێراقی کووژران و لای کەم دوو قاتی ئەو ژمارەیەش لە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی تێداچوون.[11] هەرچۆنێک بێت، لە ٢٨ ی کانوونی دووهەمدا، سەرۆک وەزیران، عەبادی ڕایگەیاند کە ئەو خۆی فەرمانی لێکۆڵینەوەی دەرکردبوو، بڕیارێک کە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ عێراقیش پەسندی کرد.[12]

لە لێدوانێکی ڕۆژی ٦ ی شوباتدا بۆ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ئەندام پەرلەمان حکیم الزملی، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و داکۆکی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، پشتڕاستی کوشتنەکانی بەروانەی کردەوە بەڵام گومانی لەوەدا کرد کە کووژراوەکان خەڵکانی مەدەنی بووبێتن: *" تەنیا چوار لەوانەی وا کووژراوەن لە گوندنشینەکانی بەروانە بوون، ئەوانیترلە دەرەوەی گوندەوە هاتبوونە ئەوێ"*،[13] بەڕواڵەت وایان زانیوە هەموو ئەوانەی وا خەڵکی بەروانە نەبوون، ئەندامی دەوڵەتی ئیسلامی بوون. ناوبراو گوتی: *"لەم قۆناغەدا ئێمە نازانین ئایا ئەوانەی وا کووژراون لە هێزە چەکدارەکان بوون یان خەڵکانی بێ تاوان بوون، کاتمان دەوێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی مەسەلەکە بکەین"* ، ئەوەشی لێ زیاد کرد و گوتی وەزارەتی تەندروستی خەریکی ئەوە بووە فەحسی دی ئێن ئەی بکات بۆئەوەی کووژراوەکان بناسرێنەوە.[14] هەروەها لە ٦ ی شوباتدا دەزگای هەواڵدەریی عێراقعێراقی هەواڵی ئەوەی دا کە سەرۆک وەزیران عەبادی فەرمانی بە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنەکانی بەروانە دابوو درێژە بە لێکۆڵینەوەکانیان بدەن بۆ ئەوەی ئەنجامی خێرای لێ بکەوێتەوە و تاوانباران بخرێنە بەر دەم دادپەروەری.[15] ڕۆژی ٢٠ ی ئازار، تەلەفیزیۆنی السومریە هەواڵی دا کە ووتەبێژی ئەنجومەنی نوێنەران سەلیم ئەلجبوری ڕاپۆرتی

---

http://www.washingtonpost.com/world/middle_east/iraqs-pro-iranian-shiite-militias-lead-the-war-against-the-islamic-state/2015/02/15/5bbb1cf0-ac94-11e4-8876-460b1144cbc1_story.html (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)

11. مەیل ئۆن لاین، *"ڕزگاربووەکان میلیشیای شیعەیان بە قەڵاچۆ کردنی گوندێکی عیراقی تۆمەتبار کرد"* ، ٢٩ ی کانوونی دووهەمی ٢٠١٥،
http://www.dailymail.co.uk/wires/afp/article-2931672/Survivors-accuse-Shiite-militia-Iraq-village-massacre.html (بە عەرەبی، لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بینراوە).

12. ئەهرام ئۆن لاین، *"سەرەک وەزیرانی عیراق فەرمانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوەی وا دەگوترێت کۆمەڵکوژیی دیجلە بێت، دەردەکات"* ، ٢٩ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥،
http://english.ahram.org.eg/NewsContent/2/8/121677/World/Region/Iraq-PM-orders-probe-into-Diyala-massacre-allegati.aspxx (بە عەرەبی، لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بینراوە).

13. الشرق الاوسط، *"بەرپرسێک: هێزەکانی حکوومەت بەرپرس نین لە بەرانبەر کۆمەڵکوژیی گوندی دیالە"* ، ٦ ی شوباتی ٢٠١٥،
http://www.aawsat.net/2015/02/article55341185/governemnt-forces-not-responsible-for-diyala-village-massacre-official (بە عەرەبی، لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بینراوە.)

14. هەمان شوێن

15. وەکالەی هەواڵنێریی عیراقی، *"عەبادی داوا لە لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکات تاوانبارانی کۆمەڵکوژیی بەروانە بناسنەوە و بیانهێننە بەردەم دادپەروەری"* ، ٦ ی شوباتی ٢٠١٥
http://www.iraqpressagency.com/?p=120767&lang=ar (in Arabic, accessed 8 June 2015) ٨ ی (لە حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)

لیژنەی لێکۆڵینەوەی گەیشتۆتە دەست و داویەتی بە لیژنەی ئاسایش و داکۆکی لە ئەنجومەن.[16]

ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە لە خەڵک ئاشکرا نەکراوە. هەرچۆنێک بێت، ڕوون نییە لیژنەی لێکۆڵینەوە یا خود لێکۆڵەرەوانی تر بۆ ناسینەوەی تاوانباران و قوربانیان چیان کردووە، لەبەر ئەوەی هیچکام لە کەس وکاری قوربانییان کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە مانگی نیساندا چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن لەلایەن دام و دەزگای حکوومییەوە پەیوەندیان پێوە نەکرابوو، و تەنانەت ئیفادەیان لێ وەرنەگیرابوو، ئیتر ئەوەش هیچ کە فەحسی دی ئێن ئێ بکرێن. باوکی ئەو پێنج پیاوەی وا لە بەروانە کووژرابوون بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

> "سەبارەت بە لێکۆڵینەوە هیچ نازانم. بیستمان کە هەندێک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و بەرپرسانی حکوومی سەردانی بەروانەیان کردووە، بەڵام کەس تا ئێستا نەهاتووە لێم بپرسێت چۆن کوڕەکانم کوژران."

کەس وکارەکان سەبارەت بە هیچ هەنگاوێک ئاگادار نەکراونەتەوە کە لێکۆڵەرەوەکان هەڵیانهێنابێتەوە.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی ٢٢ ی ئایاری ٢٠١٥ نامەی بۆ دەسەڵاتداریەتی عێراق نووسی و داوای لێکردن سەبارەت بە دەرهاتەکانی ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەیە, یان هەر لێکۆڵینەوەیەکی کە واهەیە بەڕێوەبرابێت، زانیاریمان بدەنێ. تا کاتی ئەم نووسینە، هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتۆتەوە. کوشتاری بەروانە دەستدرێژیی جیددییە بۆ سەر یاسای مرۆڤایەتییانەی نێونەتەوەیی و لەگەڵ تاوانەکانی سەردەمی شەڕ دا یەک دەگرێتەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق پێویستە دڵنیایی بدەن کە ئەو قسانەی وا لە سەر زاری خەڵکن، بە خێرایی و تەواوەتی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و دڵنیابن لەوەی بەرپرسانی کارەکە حیسابیان لێ وەردەگیرێتەوە. ئەو وڵاتانەی وا یارمەتی سوپایی – بە چەک و ڕاهێنانەوە – ئاراستەی هێزەکانی عێراق دەکەن، دەبێ میکانیزمێکی بەهێزی چاوەدێریی بەڕێوە بەرن بۆئەوەی دڵنیا بن کە ئەو کەرەسانەی وا دەیاندەنێ، بۆ ئەو ئامانجە کەڵکیان لێ وەرناگیرێت کە دەستدرێژی بکرێتە سەر مافەکانی مرۆڤ و هیچکامیان نادرێنە دەست کەسانێکی دیکەی وا دەستدرێژییان پێ بکەنە سەر مافەکانی مرۆڤ.[17]

**ئەیاد جبوری، کوڕەکەی، زاواکەی، و دوو لە خزمانی**

نادیە جبوری بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت ڕۆژی ٢٦ ی کانوونی دووهەم لەگەڵ مێردەکەی، چوار کچ، دوو کوڕ، زاوا، و نەوەکانیدا لە ماڵەوە بوو. گوتی موختار (واتە کوێخای گوند) ئاگاداری دانیشتووانی کردبووەوە کە سوپا دێتە ناو گوند و سەیری هەویەی پیاوانی گوند دەکات. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، چەند گرووپی گەورەی پیاوان، هەندێکیان بە بەرگی هاوشێوەوە، و هەندێکی تر بە بەرگی مەدەنییەوە، کە نادیە پێی وایە میلیشیا بوون، هاتنە ناو گوندەکەوە، لە ناوەڕاستی گوندەکەدا سەیری هەویەی پیاوەکانیان کرد و پێیان گوتن بچنەوە ماڵەکانیان. بەڵام دوو پیاو، یەکیان بە بەرگی هاوشێوە و ئەویتر بە تی شرتێکی ڕەش و پانتۆڵی سوپاییەوە هاتنە ماڵی ئەو. نادیە گوتی:

---

16. السومریە نیوز، *"وتەبێژیئەنجومەنی نوێنەران بە شێوەی فەرمی ڕاپۆرتی سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی بەروانەی دەگاتە دەست"*، ٢٠ ی ئازاری ٢٠١٥، http://goo.gl/XmAb1H (بە عەرەبی، لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا بینراوە.)

17. ئەو ووڵاتانەی وا بە گوێرەی هەواڵ، یارمەتی (بەشێک لە هەموو ئەم شتانەشی لەگەڵ بێت: چەک، تەقەمەنی، کەرەسەی دیکەی سوپایی، ڕاهێنان، بەشداریی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی) ئاراستەی حکوومەتی عیراق دەکەن، بریتین لە: ئەڵبانیا، ئوسترالیا، کەنەدە، کرواسیا، کۆماری چیک، هونگاریا، ئێران، نیوزیلەند، نەرویج، پۆلەندا، ڕووسیا، ئیسپانیا، بەریتانیا و ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

*"ئەوان داوای هەویەی پیاوانیان کرد و بە مێردەکەم وا تەمەنی ٦٤ ساڵان بوو و کوڕی ٣٦ ساڵە و زاوای ٣٤ ساڵەمیان گوت هەویەکانیان بێنن و بکەونە دوای ئەوان. هیچ نەیانگوت بۆچی. کوڕە بچووکەکەمیان نەبرد کە هێشتا منداڵ بوو. دەوروبەری کاتژمێر ٣ و ٣٠ خولەکی دوای نیوەڕۆ بوو. دوای ماوەیەکی کەم گوێمان لە تەقە و هەرا بوو. ئێمە ویشک هەڵگەڕابووین. ٢٠ تا ٣٠ خولەکی پێچوو. نەماندەتوانی بچینە دەرەوە لەبەر ئەوەی میلیشیا لەو دەوروبەرە بوون. ترسابووین. ئینجا سەیارەی میلیشیاکان ڕۆیشت و خێرا دوای ئەوە گوێمان لە دەنگی گریانی ژنان بوو و چووینە دەرەوە. ژنانی دیکەش لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی چاو بۆ پیاوەکانیان بگێڕن.لە حەوشی ماڵەچۆڵێک، چوار ماڵ ئەولاتری ماڵی منەوە، تەرمی مێرد و کوڕ و زاواکەی خۆم دۆزییەوە، لەگەڵ زۆرێکی تر.*

*مێردەکەم گوللە لە پشتەسەری درابوو و کوڕەکەم لە لای ڕاستی سەر، زگ و سینگی و برینی قووڵیش بە سەر دەم وچاو و ملیەوە بوو. زاواکەم کونێکی گەورە لە سەریدا بوو، مێشکی ڕژابووە دەرەوە، و شوێنی برین و هەڵدڕاویی گوللە بە سەر سینگ، زگ و سمت و ڕانیەوە دەبینرا. بە پەڕۆیەک دەستیان توند لە پشتەوە بەسترا بوو. پیاوەکەی من چاویشی بەسترابوو.*

*زۆر تەرمی دیکەش بە پەنایەکەوە لە دەوروبەری حەوشەکە بوون. من ٣٦ م بژارد بەڵام لام وایە زیاتر بوون. زۆربەیان لە پشتەوە دەستیان بەسترا بووو هەندێکیشیان چاوبەستراو بوون."*

نادیە گوتی لە شوێنی دیکەی گوندیش تەرمی دوو خزمی خۆیانی ەدۆزیوەتەوە، کە هەردوکیان پیاو و تەمەنیان دەوروبەری ناوەڕاستەکانی چل بوو.

## پێنج برا لە بنەماڵەی جبوری

لە ناو ئەو کەسانەدا کە بە کۆمەڵ کووژرابوون، پێنج برای بنەماڵەی عەبباس هەبوون کە تەمەنیان لە نێوان ٢٥ تا ٣٩ دا بوو. ساری جبوری، خزمێکی ئەو پێج کەسە بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

*"میلیشیاکان لەگەڵ 'سوات' بانگی هەموو پیاوانیان کرد لە ناوەندی گوندەکە کۆ ببنەوە بۆئەوەی هەویەکانیان سەیر بکەن. ئەوان بە سووکایەتییەوە قسەیان لەگەڵ دەکردین. ئینجا بە ئێمەی بەساڵاچوویان گوت – کە شەش یان حەوت کەسێک دەبووین- بڕۆین. من گەڕامەوە ماڵەوەو چاوەڕوان بووم کوڕەکانیشم بێنەوە. بە حیسابی هەڵس وکەوتی میلیشیاکان، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد سووکایەتییان پێ بکەن، بەڵام بە خەیاڵمدا نەدەهات کۆمەڵکوژییەکی ئاوا بەڕێوەبەرن، و هەموویان بکووژن. پێنج منداڵی* ***حوسەین*** *هەتیو کەوتنەوە و* ***خەلیل*** *و* ***مەطەر*** *هەرکام منداڵێکیان لێ بەجێ ما. بنەماڵەی ئێمە لەناوچوو. لەپێشدا دەمانزانی سوپا دێت بۆ ئەوەی سەیری هەویەکانمان بکات و هەوڵمان نەدا ڕابکەین یان خۆ مان بشارینەوە ، لەبەر ئەوەی هیچمان نەبوو بیشارینەوە. نەدەبوایە خەممان بێت لەبەر ئەوەی کارێکی خراپمان نەکردبوو."*

دایکی یەک لە پیاوەکان گوتی تەرمی کوڕەکەی خۆم و براکانم لە ماڵەچۆڵێکی نزیک خۆماندا دۆزییەوە:[18]

*"دوابەدوای تەقە و هاواری پیاوەکان، بێدەنگی داکەوت. ئینجا پیاوە چەکدارەکان ڕۆیشتن و دراوسێکان دەستیان کرد بە هاتنە دەرە وە ، منیش چوومە دەرەوە و کەوتمە شوێن ئەوان بەرەو*

---

[18]. پیاوەکان دایکی جیاجیایان هەیە، چونکوو باوکیان چوار ژنەیە.

*ماڵە چۆڵێکی نزیک خۆمان و لەوێ چاوم بە کوڕەکەم و چوار برای کەوت کە بە مردوویی لە حەوشی ماڵەکەدا ڕاکشابوون. چاویان بەسترا بوو و دەستیان توند لە پشتەوە بەسترابوو. تەرمێکی زۆری دیکەش لە پەنایانەوە بوو؛ زیاد لە ٢٠ تەرمێکی دیکە. هەندێکیان دەمەوڕوو کەوتبوون، ئەوانیتر بە سە ر پشتدا، یان خود شێوێنرابوون؛ هەندێکیان بەشێک لە سەریان نەمابوو. ناتوانم شەرحی ئەو ترسە بکەم؛ هەرگیز شتی وا ترس هێنەر و نامرۆڤانەم نەبینیو. هەر نازانم ئەوکارەیان بۆ کرد."*

ساری جبوری گوتی لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا باوکی پێنج منداڵەکە، ژنەکانی خۆی لەگەڵ منداڵانی کەم تەمەنیدا بردە کەمپێکی پەنابەران لە باکوور، بەڵام خۆی، یەک لە ژنەکانی و کوڕە گەورەترەکانی لەگەڵ هاوسەرەکانیان لە گوندێدا مانەوە بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەیلوولی ٢٠١٤ چاوەدێریی مانگا و بزنەکانیان بکەن. ئینجا، هەر ئەوەندەی پێکدادانی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و میلیشیای شیعە و هێزەکانی حکوومەت لە ناوچەی سینسل پەرەی سەند، هەموویان هەڵاتن بۆ بەروانە.

**عابید جبوری، تەمەن ١٧ ساڵان، و برای عەباس**

سامیە جبوری دوو کوڕی خۆی لە قەڵاچۆکەدا لە دەست دا: عابیدی ١٧ ساڵان و عەباسی ٢١ ساڵان، کەتازە هاوسەرگیری کردبو و کوڕێکی ساوایان بوو. ناوبراو بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

*"پێنج یان شەش پیاو بە بەرگی ڕەش و تفەنگ و گۆپاڵی دەستیانەوە هاتنە ماڵمان و بە کوڕەکانمیان گوت هەویەی خۆیان بێنن و لەگەڵیاندا بڕۆنە دەرەوە. هەموویان جگە لە یەک کەس ماسکیان بە دەم وچاوەوە بوو. خەڵک دەیانگوت ئەو یەک کەسە خەڵکی ئەبو سەعید بووە، کە گوندێکە بە تەنیشت مقدادییەوە. دوای ماوەیەکی کەم، کە نزیکەی ١٥ خولەک دەبوو، گوێم لە تەقە کردن و هاوار بوو.*

*کاتێ تەقە وەستا، چوومە دەرەوە و تەرمی کوڕەکەم لای زبڵخانەی سەرەتای گوند، ٢٥٠ مەترێک لەولای ماڵەکەمانەوە، چاوپێکەوت. کونێکی گەورە لە سەریدا بوو، مێشکی ڕژابووە دەرەوە، هەڵدڕاوییەکی گەورە و قووڵ لە ملیدا بوو. منداڵ بوو، تەنیا ١٧ ساڵی تەمەن بوو. تەرمی دیکەش لە تەنیشت ئەو کەوتبوون. ئینجا تەرمی کوڕەکەی دیکەمم لە شوێنێکی دیکەی گوند دۆزییەوە، لە پەچەی ئاژەڵدا. لای پشتەوەی سەری بەتەواوەتی تێک شکێنرابوو، وەک ئەوەی بە ئامێرێکی قورس لێیدرابێت. هەشت تەرمی دیکەش لە تەنیشتی کەوتبوون.*

*حەق نیە هیچ دایکێک بە ترسێکی وا تێبپەڕێت ."*

باوکی منداڵەکان ، کە لە کاتی کوشتارەکەدا لە شاروچکەیەکی تر ئیشی دەکرد، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کاتژمێرکاتژمێر لە نێوان ٣ و نیو تا ٤ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی کوشتارەکە، کەسێک بە تەلەفونی کوڕەگەورەکەم تەلەفونی بۆ کردم و گوتی، *"ئێمە کوڕەکەتمان کوشت"* و تەلەفونەکەی داخست.

**تەرمی شێوێنراوی دوو ئامۆزا**

نەدە محەممەد، کە **مەجید** کوڕی ٢٨ ساڵان و **خدر** ئامۆزای ٥٢ ساڵانی خۆی لە کوشتارەکەدا لەدەست داوە، بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت سەرەتا دوو پیاو بە بەرگی کاری سەربازی و قۆڵبەندی سەوزەوە چوونەتە ماڵەکەیان و پرسیاری بوونی شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناو گوندەکەیان کردووە:

*"پێم گوتن 'نەهاتوونەتە ماڵی ئێمە و چاوم پێیان نەکەوتووە'. لێیان پرسیم بۆچی ئاگاداری حکوومەتتان نەکردۆتەوە کە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی هاتوونەتە ناو گوند، منیش گوتم سەربازخانەیەکی گەورەی سوپا بە تانکەوە ڕاست لای دەستی گوندەکەیە و بە دڵنیاییی ئەوان سەبارەت بەو شتانە لە من زیاتر دەزانن. ئەوان ڕۆیشتن و بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، دوو ئەندامی 'سوات' هاتن و بە کوڕ و ئامۆزاکەمیان گوت بکەونە شوێنیان. ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو لە نزیکەوە گوێم لە تەقەی یەک لەدوای یەک بوو. چوومە دەرەوە بۆ حەوشە بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوو دەدات بەڵام پیاوانێکی زۆر لە دەرەوە بوون کە ئاماژەیان پێدام بگەڕێمەوە ژوورەوە. هەندێکیان بەرگی ڕەشیان لەبەردا بوو، دوانیان ڕووبەندەیان هەبوو، و دوانی تریشیان سەربەندی سەوزیان بە سەرەوە بوو کە 'یا حسێن' ی بە ڕەنگی سوور لێ نووسرابوو. دوای ئەوەی ڕۆیشتن و دراوسێکانمان دەستیان کرد بە هاتنە دەرەوە لە ماڵ، منیش چوومە دەرەوە. تەرمی کوڕ و ئامۆزاکەم لە حەوشی ماڵێکی نزیکدا دۆزییەوە. مەجید گوللە لە پشتە سەری درابوو و دوو برینی قووڵی هەبوو، یەکیان بە شێوەی ستوونی لە لای ڕاستی سینگی و یەکیشیان ئاسۆیی بە پانایی زگیدا. خدر گوللە لە دەم وچاوی درا بوو و لای ڕاستی دەم وچاوی بە تەواوەتی شێوا بوو، چوار پەنجەی دەستەڕاستیشی نەمابوون."*

**دوانەیەک و براکەیان**

**مەروان**، برا دوانەکەی، **عەلی** و براکەیان **عەدنانیش** لەناو ئەوانەدا بوون وا کووژران. خوشکی ژنی مەروان، سارا ئەحمەد، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

*"لە پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە مەروان و دوو برای و باوکیانم بینی کە چەند سەرباز و میلیشیایەک بە بەرگی هاوشێوەی ڕەش و سوپاییەوە لە ماڵی خۆیانەوە بە کۆڵانەکەدا دەیانبردن. هەندێکی دیکەشیان لەوێ دەخولانەوە. دواتر، بشێوی و هەراوهۆریایەکی زۆر سەری هەڵدا کە نیوکاتژمێرێکی کاتژمێرخایاند، ئینجا تەقە و هاوار و کۆتایی هات. من لەگەڵ ژنانی دیکەدا چوومە دەرەوە و تەرمەکانمان لە حەوشی ماڵێکی نزیکاندا دۆزیەوە. هەرسێکیان گوللە بەسەریان کەوتبوو، عەدنان لە زگیشی. تواناى ئەوەم نەبوو لە نزیکەوە سەیریان بکەم. تەرمێکی زۆری دیکەش لە دەوروبەریان بوو و دراوسێکانمان خەریک بوون بە بەتانی دایانپۆشن. من باوکیانم نەبینی، لام وابوو ئەویش کووژراوە بەڵام دواتر زانیم ئازادیان کردووە."*

باوکی پیاوەکان بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت دوای ئەوەی هەویەی من و کوڕەکانمیان سەیر کرد، پیاوانی میلیشیا و سەربازەکان گوتیان بڕۆمەوە ماڵێ بەڵام کوڕەکانمیان ڕاگرت. *"کاتێ کە دوورکەوتمەوە لام وانەبوو ئەوە دواجار بێت کوڕەکانم بە زیندوویی ببینم."*

نادیە ئەحمەدی هاوسەری مەروان بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت چەند ڕۆژێک پێشتر منداڵم ببوو و لە ڕۆژی ڕووداوی قەڵاچۆکەدا هێشتا لە نەخۆشخانە بووم لە شاروچکەیەکی نزیک:
*"مێردەکەم دڵێکی خۆشەوەچاوەڕوان بوو منداڵەکەمان لە دایک ببێ، بەڵام ئێستا ئیتر منداڵەکە تەنانەت باوکی ناشناسێت."*

**محەممەد دەهمان**

بە لە دیە مەهری، دایکی دوو منداڵی کەم تەمەن، سەبارەت بە کووژرانی مێردەکەی، محەممەد دەهمانی ٣١ ساڵان، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە بنەماڵەکەیان لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا، هەڵاتن و هاتنە بەروانە ئەویش کاتێ کە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی دەستیان بە

سەر گوندێکی نزیک بەو گوندە داگرت کە ئەوان لێی دەژیان. ئەو ئاوای ڕوونکردنەوە دا: ڕۆژی ٢٦ ی کانوونی دووهەم، چوار پیاو هاتنە ماڵیان، دوانیان بە بەرگی هاوشێوەی ڕەش و ماسک بە سەر دەموچاوەوە، دوانیش لە بەرگی سەربازییدا. ناوبراو گوتی: *"ئەوان بە مێردەکەمیان گوت هەویەکەی بهێنێت بۆ سەیر کردن. دەوروبەری کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆ بوو. دوای نزیکەی کاتژمێرە وەختێک، زۆر لە نزیک ماڵەکەمانەوە گوێم لە تەقە و قیژاندن بوو. چوومە دەرەوە بەڵام هەرپێم نایە دەرەوە، سەباز و میلیشیاکان ناو کۆڵانەکە گوتیان بگەڕێوە ناو ماڵ. تەقەی تفەنگ و هاوار کردن بۆ دەوروبەری نیو کاتژمێر تا کاتژمێرە وەختێک بەردەوام بوو؛ بە تەواوەتی نازانم چەند.*

*ئینجا بێدەنگی کەوتەوە و دوای ئەوەی میلیشیاکان ڕۆیشتن، چوومە ئەو ماڵەی نزیک ماڵی خۆمان کە دەنگی هاوارەکە لەوێوە دەهات. لەوێ ژمارەیەک تەرمی زۆرم بینی، بەڵام پیاوەکەی خۆم لەوێ نەدیتەوە. تاریکی داهات و چیتر نەماندەتوانی بگەڕێین.*

*بەیانی ڕۆژی دواتر تەرمەکەیمان لە ناو مەزرایەکی دەرەوەی گوند دۆزییەوە. تی شرتەکەی بە سەر سەریدا کێشرابوو. گوللە لە سەری کەوتبوو. هەشت تەرمی دیکەش لە تەنیشتی تەرمی ئەو بوون. تەمەنی تەنیا ٣١ ساڵان بوو. کەس هۆکاری کووژرانەکەی پێ ڕانەگەیاندووم."*

**پۆلیسێک و سێ لە خزمانی**

**عەلی جبوری**، پیاوێکی پۆلیسی ٣٠ ساڵان و دوو لە مامەکانی، **ویسام** ٣٢ ساڵان و **عابیدی** ٣٠ ساڵان، لە ناو قوربانییەکانی ئەو کوشتارەدا بوون. ڕەجا جبوری هاوسەری عەلی، ئاوای بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

*"عەلی و دوو مامی خۆی لە ماڵ چوونە دەرەوە لەبەر ئەوەی سوپاداوای لەهەموو پیاوانی کردبوو بچن بۆئەوەی هەویەکانیان سەیر بکرێن. چاوم لێبوو چەند ئەندامێکی هێزی سوات دەیانبردن. ئینجا سوات هاتە ماڵەوە و برا ١٨ ساڵانەکەمی برد و گەڕاندیەوە ماڵێ. ئەو کارەیان دوو جار کرد هەرجارەی تەنیا چەند خولەکێک ڕایاندەگرتن. ئینجا لە ماڵی دراوسێکەمانەوە گوێمان لە تەقەی تفەنگ و هاواری بەرزی خەڵک بوو. ٢٠ خولەکێکی خایاند. ترسابووم میلیشیا بێت و براکەشم بەرێت یان بیکووژێت. پاش ماوەیەک، گوێمان لە دەنگی دراوسێکانمان بوو لە کۆڵان. ژنان ڕۆڕۆیان دەکرد. جا وام دانا کە چوونە دەرەوە دەبێ گونجاو بێت. هەندێک لە دراوسێکان ئاماژەیان بە ماڵێک دەکرد کە تاقە یەک ماڵ لە ماڵەکەی منەوە دوور بوو. لەوێ، لە حەوشە، سەرەتا هاوسەرەکەی خۆم دۆزییەوە. بە دەمەوە کەوتبوو و دەستی لە پشتەوە بەسترا بوو. گوللە لە لای چەپی سەری، قەبرغەی چەپی و بەری دەستی چەپی درابوو. دوو پەنجەی دەستەڕاستی نەمابوون و برینێکی قووڵ لە سەر دەستی چەپی بوو. لە نزیک ئەو، دوو مامەکاانیم دۆزییەوە، وسام و عابید. بە گوللە لەسەریان درابوو. هەردوکیان کەلەپچە کرابوون بەڵام دڵنیا نیم ئایا چاویشیان بەسترا بوو یان کەسێک لایدا بوون، لەبەر ئەوەی خەڵک چاویان بۆ خزمەکانیان دەگێرا. هەروەها لە هەمان حەوشەدا، هەندێک ئەولاتر، تەرمی ئامۆزاکەم، عارف جبووری کەوتبوو. ئەو بە تەمەنتر بوو و ٦ منداڵی هەبوون. ئەویش گوللە لە سەری درابوو. چاوم بە لەشی نەکەوت لەبەر ئەوەی پێشتر بەتانی پێدا درابوو."*

باوکی عارف جبوری، کە ٤٨ ساڵان و باوکی شەش منداڵە، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت لە هاوینی ٢٠١٤ دا، کاتێ کە میلیشیای دەوڵەتی ئیسلامی ناوچەی دەوروبەری گوندەکەی گرت، عارف ژن و منداڵی ناردنە کەمپێکی پەنابەران. عارف خۆی لەگەڵ ئەو چەند مانگایەی وا تاقە سەرچاوەی

داهاتی بنەماڵەکەیان بوو، چوو بۆ بەروانە.

**پێشینە**

پیاوانی کۆمەڵگای سوننە لەو شوێنانەی وا دەوڵەتی ئیسلامی هەڵسووڕاوییان تێدا دەنوێنێت و دەوروبەرەکەیان، یا خود ئەو شوێنانەی وا دەوڵەتی ئیسلامی دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، بە زۆری دەبنە جێی گومان کردن کە هاوکاریی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن و زۆرێکیان لە لایەن میلیشیای شیعە و هێزە ئاسایشەکانەوە کراونەتە ئامانج. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، ئەو میلیشیا و هێزانە، بە کوشتاری بە کۆمەڵ یان بە تاقەکەسی سەدان پیاوی سوننەیان کوشتووە تەنیا بە هەوەسکاری و بە بێ بیر لێکردنەوە، یان لە کردەوەی بە ڕواڵەت تۆڵەسەندنەوەی ئەو تاوانە ناپەسەندانەدا کە دەوڵەتی ئیسلامی بەڕێوەی بردوون، وەک بیانوویەک بۆ بەزۆر کۆچاندنی کۆمەڵگای سوننە لە شوێنەکانیان، کەڵکیان لەو تاوانانە وەرگرتووە.[19]

زوربەی دانیشتووانی سوننەی ئەو ناوچانەی وا میلیشیای شیعە لە دەست دەوڵەتی ئیسلامیی سەندوونەتەوە هێشتا هەر ناتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانیان – بە بێ هیچ شاردنەوەیەک بەرگری لە گەڕانەوەیان دەکرێت، یان لە تۆڵەسەندنەوە دەترسن، یان لەبەر ئەوەی ماڵ و مڵکیان هەموو تێکدراون (بەشێکیان لە لایەن ئەندامانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە یان وەک ئەنجامی شەڕ و پێکدادان، بەڵام زوربەیان هەر لە لایەن میلیشیاوە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ تێکدراون).

میلیشیای شیعە لە عێراقدا چەند دەیە بوونی هەیە، بەڵام زوربەیان دوای شەڕی ۲۰۰۳ بە ڕێبەرایەتی ئەمەریکا خۆیان ڕێک خستووە. لە گەرمەی ڕقەبەریی نێوان شیعە وسوننە لە ساڵانی ۲۰۰٦ – ۲۰۰۷ دا دەوریان زیاتریش بوو، کاتێ کە میلیشیای شیعە و ئەلقاعیدە، هەروەها تاقمە چەکدارە سوننەکان هێرشیان دەکردە سەر کۆمەڵگای یەکتر و سەر هێزەکانی ئەمەریکا.

هێز و ناوبانگی میلیشیای شیعە لە ساڵی ڕابردوودا زیادبوونێکی دوور لە چاوەڕوانیی بە خۆیەوە بینی، کاتێ کە ئەو بۆشاییەیان پڕ کردەوە وا بە هۆی تێکشکانی کەم و زۆری سوپا و هێزی ئاسایشی عێراقی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پێشکەوتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا تووشی هاتبوون. دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ۲۰۱٤ دا بەشێکی گەورەی خاکی عێراقی داگیر کرد و بەشێوەیەکی دڕندانە و بەرنامە داڕێژراو کۆمەڵگای شیعە و کەمایەتییەکانی کردە ئامانجی هێرش،[20] میلیشیای شیعە بوو بە هێزی سەرەکی کە بیەوێت و بتوانێت شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی بکات، لە هەندێک شوێنی

---

[19]. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، *عیراق: بێ سزامانەوەی ڕەها: میلیشیا لە عیراق حکوومەت دەکات*، ١٤ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، http://www.amnesty.org/en/documents/MDE14/015/2014/en/ (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)

[20]. بۆ نموونە، بڕوانە: ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، *باکووری عیراق، بێ سزامانەوەی ڕەها: میلیشیا لە عیراق حکوومەت دەکات*، ١٤ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، http://www.amnesty.ca/sites/default/files/northern_iraq_civilians_in_the_line_of_fire.pdf، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، *پاکتاوی قەومی بە پێوانەیەکی مێژوویی: دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو کەمایەتییەکانی لە باکووری عیراق کردۆتە ئامانجی هێرش*، ٢ ی ئەیلوولی ٢٠١٤، http://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/mde140112014en_0.pdf; هەروەها، ڕێکخراوی لێبوەوردنی نێونەتەوەیی، *هەڵاتن لە دۆزەخ: ئەشکەنجە و بە کۆیلەکردنی جنسی لە دەست بەسەریی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراقدا*، ٢٣ ی ئەیلوولی ٢٠١٤، https://www.amnesty.org/en/articles/news/2014/12/iraq-yezidi-women-and-girls-face-harrowing-sexual-violence/ (هەموویان لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراون).

دیاریکراودا بەرگر بێت لە بەرانبەر پێشوەچوونیدا، و لە هەندێک شوێنی دیکە خاکی لێ بستێنێتەوە.[21] هەر بۆیەش هێز و باوەڕپێکراوییان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە ١٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا مووسڵی وەک دووهەم شاری گەورەی عێراقی داگیر کرد، مەرجەعی گەورەی شیعەی عێراق، ئایەتوڵڵای گەورە عەلی سیستانی بە فەتوایەکی ئایینی بانگی هەموو ئەو پیاوانەی کرد وا لە تەمەنی شەڕ کردندان  بۆ ئەوەی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی چەک هەڵبگرن.[22] خەڵکانی خۆبەخش دەبوایە بەشێک بن لە هێزی داکۆکیکاری حەشدی شەعبی (یەکە/ یان

هێزی بزووتنەوەی خەڵک، پی ئێم یوو/ پی ئێم ئێف)، کە هێزێکی خۆبەخشە و هیچ دامەزراوێکی تایبەتی یاسایی ئامۆژگایی، بەڕێوەی نابات، بەڵام بە کردەوە دەبنە بەشێک لە میلیشیای ئێستا یان تازە پێک هاتوو، وا لە دەرەوەی هەموو چوارچێوەیەکی یاساییدا چالاکی دەنوێنن. هێزەکانی میلیشیا سەربەخۆ لەیەکتر کار دەکەن، گەرچی هەندێک جار لە بەرەی شەڕ یان لە بازگەکانی پشکنیندا بە ڕادەی جیاجیا، لەگەڵ میلیشیاکانی تر و/ یان سوپا و هێزی ئاسایشدا هاوکاری دەکەن.[23]  نوێنەرانی سپای پاسدارانی ئێران و تاقمە چەکدارەکانی حیزبوڵڵای لوبنانیش لەوێ شان بە شانی میلیشیا شیعەکان هەڵسووڕاوییان هەیە. میلیشیای شیعە، باوەکوو بەشێک لە هێزەکانی سوپا یان ئاسایش نین، بەڵام چەک، تەقەمەنی و کەرەسەی دیکەی سوپاییان لە هەندێک بەشی دیاریکراوی ناو حکوومەتی عێراقەوە دەگاتە دەست.[24]

بەرپرسانی حکوومەتی عێراقی ئاماژەیان بەوە داوە کە میلیشیای شیعە چیتر میلیشیا نییە لەبەر ئەوەی لەژێر دروشمی حەشدی شەعبی واتە پی ئێم یوو/ پی ئێم ئێف دا کار دەکات، گەرچی ئەوە لەو هەڵس

---

[21]. بە هەمان شێوە، پاشەکشەی سوپای عیراقی لە باکووری عیراق، دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی حکوومەتی نیوە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان (کەی ئاڕ جی) بە سەر هەموو بەشی باکوور – و گەلێک ئەولاتری ئەو شوێنانەدا مسۆگەر کرد کە تا ئەودەم بە دەست حکوومەتی هەرێمەوە بوون. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پێشمەرگە، بۆ نموونە بڕوانە: گرووپی قەیرانی ناونەتەوەیی، چەکدار کردنی کوردانی عیراق: *شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی، بانگاشە بۆ ئاڵۆزی*، ١٢ ی ئایاری ٢٠١٥،
http://www.crisisgroup.org/~/media/Files/Middle%20East%20North%20Africa/Iraq%20Syria%20Lebanon/Iraq/158-arming-iraq-s-kurds-fighting-is-inviting-conflict.pdf (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە).

[22]. ئایەتوڵڵا ئەلسیستانی بە شوێنیدا لە ١٢ ی شوباتی ٢٠١٥ "ڕێنومایی و ئامۆژگاریی بۆ شەڕکەرانی ناو بەرەی شەڕ" ی دەرکرد، http://www.sistani.org/english/archive/25036/، (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە)، کە ئەگەر بەڕێوە ببرێت دەتوانێت  تا ڕادەیەکی زۆر  بەشێک لەو دەستدرێژییانە بوەستێنێت کە هەندێک ئەندامی میلیشیا بەڕێوەیان بردوون.

[23]. هەر تاقمێکی میلیشیا ڕێبەران، چەک، بودجە، دائیرەی ڕەئیسی، ئاڵا، نیشانە، جل وبەرگ و بەرنامەی پەیوەندییەکانی خۆیان هەیە. ڕێبەرانی ناسراوی هەندێک لە میلیشیا دەسەڵاتدارەکان، وەزیر یان بەرپرسی باڵای ناو حکوومەتی عیراق بوون. بۆ نموونە، هادی ئەلعامریی میلیشیای بەدر وەزیری ۆپەیوەندییەکان بووە.هەندێک لە میلیشیا سەرەکییەکان لقی سیاسییان هەیە.

[24]. ڤایس نیوز، "وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خەریکە بایی ١ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن چەکی بەڵێن پێدراو بۆ عیراق دەنێرێت – بەڵام کێ وەریان دەگرێت؟"، ٦ ی حوزەیرانی ٢٠١٥، https://news.vice.com/article/us-starts-sending-16-billion-worth-of-promised-arms-to-iraq-but-who-will-get-them (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە).

وکەوتە دەرناکەوێت کە میلیشیاکان بە کردەوە لە خۆیان پیشان داوە. لە ٧ ی نیسانی ٢٠١٥ دا، شۆڕای وەزیران ڕایگەیاند: *"بە هەموو وەزارەتخانە و دەزگایەکی حکوومی ڕاگەیێنراوە کە هێز/ یان حەشدی شەعبی وەک دەزگایەکی حکوومی سەیر بکەن، هێزەکە ڕاگەیاندنەکانی خۆی دەداتە سەرۆک وەزیران و فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکان، کەگوایە دەبێ فەرماندە و بەرپرسی هێز/ یان حەشدی شەعبی بێت."*[25] ئەو هەنگاوە لە سەرەتای گەمارۆی جێگەی مشتومڕی بەڕێوەبردنی شەڕ بۆ گرتنەوەی شاری تکریت و ناوچەکانی دەوروبەری لە دەست دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن پێکهاتەیەکی میلیشیا و هێزەکانی حکوومەتەوە هەلهێنرایەوە، کە هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بە ڕێبەرایەتی ئەمەریکاش پشتگیری دەکردن.[26]

دەبێ لە دواڕۆژدا ببینرێت ئایا ئەو هەنگاوە دەگاتە ئەنجامی دامەزرانی میکانیزمێکی قورس و قایم بۆ ئەوەی میلیشیاکان بە بەرپرس بزانرێن و ئەوەش ببێتە هۆی گۆڕانکارییەک لە هەڵس وکەوتیاندا. لە کاتی نووسرانی ئەم بابەتەی ئێمەدا، کارەکە بەو شێوەیە بەڕێوە نەدەچوو. بەپێچەوانە، کاتێ کە دەوڵەتی ئیسلامی لە مانگی ئایاردا هێزەکانی ئاسایشی لە ڕومادی ڕاونا و شارەکەی گرت، سەرەک وەزیران عەبادی داوای لە میلیشیای شیعە کرد بەشداری عەمەلیاتەکە بکەن بۆ گرتنەوەی ڕومادی و ناوچەکانی دەوروبەری – لە کاتێکدا کە تا ئەودەمە هان دەدران لە هێرشەکانی سوپایی لەو ناوچانەدا کە زۆرایەتییان خەڵکانی سوننەن، بەشدار نەبن

**لیستەی ناوی قوربانیان**[27]

حارس ئیبراهیم حەمەدە جاسم ئەلزاوی

ئیبراهیم حەمەدە جاسم ئەلزاوی

مازن مەجید حەمەدە جبوری

موقتەدا سەلامە خەنجەر ئەلزاوی

موخلس عابید مەهدی

---

[25]. هەروەها بڕوانە: گەڕان بەدوای دیناردا، "بڕیارەکانی حکوومەتی عیراق لە بەندی چاردەهەمدا بۆ ساڵی ٢٠١٥"، ٧ ی نیسانی ٢٠١٥، https://search4dinar.wordpress.com/2015/04/07/iraqi-government-decisions-in-the-regular-session-of-the-fourteenth-for-2015/ (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە) و؛ سەرەک وەزیران دوکتۆر حەیدەر ئەلعەبادی، "سەرەک وەزیران ئەلعەبادی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی حەشدی شەعبی دەکات"، ٩ ی نیسانی ٢٠١٥، http://pmo.iq/pme/press2015en/9-4-20152en.htm (لە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دا بینراوە).

[26]. هەندێک لەو میلیشیایەی وا بەشداریی عەمەلیات بۆ گرتنەوەی تکریتیان کرد، بە ئاشکرا گوتبوویان دژ بە هەموو چەشنە دەوربینێکی ئەمەریکان. هەرچۆنێک بێت، کاتێ کە دەرکەوت عەمەلیاتەکە چەقیوە، حکوومەتی عیراق داوای هێرشی ئاسمانیی ئەمەریکای کرد و ئەمەریکاش داوای ئەوەی کرد کە میلیشیا بکشێنە دواوە، ئەوەش بە پێچەوانە، دژە کرداری دوژمنانەی زیاتری لە ناو هەندێک هێزی میلیشیاییدا وەدی هێنا. لە ڕووداوەکەدا، میلیشیا لە ناوچەکە نەکشایە دواوە، گەرچی بوونیان لەوێ سەرنجی کەمتری پێدرا. کاتێ ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە هەفتەی دووهەمی مانگی نیساندا سەردانی تکریت و دەوروبەری شارەکەی کرد، زوربەی ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی میلیشیای بەدردا بوو، لەکاتێکدا کە چەند ڕۆژ پێشتر میلیشیای عەسائیب ئەهلی حەق (یەکیەتی خاوەن مافان) شاروچکەی ئەلدووری چۆڵ کردبوو. گەرچی ژمارەیەکی کەمی پۆلیس لە تکریت، ئەلدوور و ناوچەکانی دەوروبەریدا بوون، بە ئاشکرا هیچکامیان هۆکار یان دەسەڵاتدارێک نەبوون کە ناوچەکە بەڕێوە بەرن.

[27]. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی ٤٠ کەیسی لەگەڵ کەس وکاری قوربانییاندا پشتڕاست کردۆتەوە و زانیاریی جێگەی بڕوای سەبارەت بە ١٦ قوربانی دیکە گردوکۆ کردووە، هەروەهالیستەی ١٥ ناوی دیکەی ئەو پیاوانەی پێگەیشتووە کە لە کوشتارەکەدا کووژراون، بەڵام تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە مەسەلەکە پشتڕاست بکاتەوە.

عەلی محەممەد عەلی زەهیر

محەممەد حەببووب

ڕاعد سولەیمان محەممەد

محەممەد عەبباس هیلال

عادل قەحتان خدەیر جبوری

عومەر خەمماس عابید جبوری (منداڵ)

عەلی خەمماس عابید جبوری

جەمیل حەممادی  عابید جبوری

محەممەد ئەحسان محەممەد خدەیر جبوری

خەلیل ئیبڕاهیم محەممەد عەبدوڵڵا جبوری

عەلی ئیبڕاهیم سەلیم دەخیل جبوری

وەلید سەتتار سەلاح جبوری

عومەر سەتتار سەلاح جبوری

حوسەین کەریم حوسەین جبوری

شعاب ئەحمەد موبارەک ئەلسەلاح جبوری

عەلی سابت ئەلمصری (خەڵکی مصر)

قەحتان جاسم مەلهەم جبوری

مەروان جاسم مەلهەم جبوری

عوسمان جاسم مەلهەم جبوری

مەحمود تەحسین مەحموود سەلمان جبوری

عەلا تەحسین مەحموود سەلام جبوری

عەبباس تەحسین مەحموود سەلمان جبوری

محەممەد سەلمان عەبباس ئەلیاوی جبوری

ئیسماعیل سەلمان عەبباس ئەلیاوی جبوری

حەسەن سەلمان عەبباس ئەلیاوی جبوری

خەیلان سەلمان عەبباس ئەلیاوی جبوری

موبارەک سەلمان عەبباس ئەلیاوی جبوری

سەلاح خەمیل ئیسماعیل جبوری

عزام حەسیب حەمەد عەواد جبوری

جاسم محەممەد جیهاد مووسا جبوری

مەحموود محەممەد جیهاد مووسا جبوری

عیماد شوجاعە ئیبراهیم شوعەیل

داود سەعد داود سولەیمان جبوری

عەبدوڵڵا ئەیدان حەممادی عەواد

عەلی قەحتان ڕومەیزە

خەمماس جاسم جبوری

بەڕاع خەمماس جاسم

عەلا خەمماس جاسم

جاسم محەممەد شەهاب

ئەحمەد محەممەد شەهاب

ئەحمەد شەهاب ئەحمەد

محەممەد شەهاب ئەحمەد

شوعەیب حەبیب ئەلعەززاوی

خالید محەممەد عەلی

محەممەد سولەیمان ئەدکیک

ئیلوان شەهاب ئەحمەد

ماهیر خەلەف محەممەد

حوسەین عەبدوڵلا

عەلی غەدیر ئەسوەد

عومەر سەلمان

عەبدوڵلا سەلمان

ناسر سەلمان عەبباس

کەریم سەلمان عەبباس

حەسەن مەنیع

خالید عەلی جوڕیاح

حەسسوونی جبوری

مستەفا حەسسوونی جبوری

محەممەد حەسسوونی جبوری

ئەحمەد حەسسوونی جبوری

فالیح حەسەن جبوری لەگەڵ شەش کوڕی